کرێکارانی جیهان یەکگرن!

ڕێگای کوردستان

REGAY KURDISTAN

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی ساڵی 1944دا دەرچووە

هەفتەنامەیەکی سیاسییە - ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق

نیشتمانێکی ئازادو
گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

ژمارە (496)ی ساڵی (57)
دووشەممە (1)ی نیسان (ئەپریلی)ی 2002
(12)ی نەورۆزی 2702ی کوردی

ل2
بەیاننامەی حزبی شیوعی کوردستان
لە یادی 68 ساڵەی حزبی شیوعی عێراق

ل3
بۆ ئەوەی ڕۆڵی پێشمەرگە قارەمانەکانی حزبی شیوعی لە ڕزگارکردنی کەرکوك ون نەبێ

ل5
لە یادی لینینی مەزندا

ل10
لێژنەی باڵای سەرپەرشتی بەرەنگاربوونەوەی بە عەرەب کردن. . .

بەیاننامەی حزبی شیوعی عێراق لە یای 68 ساڵەی دامەزراندنیدا

با یادی دامەزراندنی حزب هاندەرێکی نوێ بێت بۆ خەبات لە پێناو ئازادیو بەختیاری گەلەکەماندا

لە ڕۆژی 31ی ئاداردا بیرەوەی پیرۆزی 68 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعییەکانی عێراق (بە عەرەب و کورد و تورکمانو کلدو ئاشوورو ئەوانی ترەوە) تێپەڕدەبێ، ئەم بیرەوەرییە مانایەکی نیشتمانی گرنگی لە خۆگرتووە، نەك تەنیا بۆ حزبییەکانو بەس، بەڵکو هەروا بۆ گشت هاونیشتمانیەکی ڕۆڵەی گەلەکەمان، کە بە تەنگ بەهاکانی ئازادیو دیموکراسیو ئاشتیو، ئێستاو دواڕۆژی وڵاتەوە دێن.

هێندەی ئەم یادە شایانی ئاهەنگو شانازییە، بە دامەزرێنەرانی حزبیشەوە کە ژیانی خۆیان لە پێناو مەسەلەی گەلو نیشتماندا و، بۆ بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارو سەرجەم زەحمەتکێشان بەختکرد، مایەی شانازیو ڕێزلێنانە بۆ هەموو ئەوانەو، ئەوەش کە ئەمڕۆ لە هەموو شتێك پێویستترو پەلەیە، ئەوەیە بەجێدیو بەڕێرسیەوە سوود لە پەندو دەرسەکانی ئەم ڕەوتە درێژەی خەبات وەربگیرێ بە گشت لایەڕەی پڕ لە قارەمانێتیو، قوربانیدانی گەورەو خۆنەویستیەوە، بە زاڵبوونو ژێرکەوتنەکانیەوە، بە هەموو لایەنێکی باشو خراپیەوە، بە سەرکەوتنو تێکشکانەکانیەوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا گەل کۆتی دیکتاتۆریو گەمارۆدانی لە سەرەو، نیشتمان جۆرەها مەترسیو دەست تێوەردان هەرەشەی لێ دەکات، هەمووشیان بوونە مایەی کارەساتو کلۆڵی، ئێمە زۆرمان پێویستە تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندی حزب، دەرسەکانی خەباتی لە ناو کۆمەڵانی گەلداو، لە ڕیزەکانی پێشەوەیدا پوختەبکەین بە مەبەستی ملنان لە بارگرانیو تەختکردنی کۆسپو تەگەرە، بۆ بەشداریی کاریگەر لە پڕۆسەی ڕزگارکردنی گەلو نیشتمانەکەمان کە لە کایەدایە و، زامنکردنی سەرکەوتنو هێنانەدی عراقێکی دیموکراسیو فیدراڵی یەکگرتوو.

حزبی ئێمە زۆر چەشنە شێوازی خەباتی لەناو کۆمەڵانی خەڵکو لەگەڵ هێزە نیشتمانیو دیموکراتییەکاندا، بە درێژایی 68 ساڵی تەمەنی درێژی تاقیکردۆتەوە و، لە گشت جەنگەکانی گەلەکەماندا لە دژی ئیستعمارو لە پێناو ڕزگاری تەواویدا لە ڕیزی پێشەوە بووە، هەروا لە پێناو دیموکراسیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو پەرەسەندنی شارستانیو گەشانەوەی ڕۆشنبیریدا، لەگەڵ نەتەوە براکاندا بووە لە مافی بڕیاردانی چارەنووسیاندا و، بۆ بنیاتنانی عێراقێکی یەکگرتوو لە سەر بنچینەیەکی دیموکراسیو ڕێزی یەکترو زامنکردنی مافە ڕەواکان.

هەروا لەگەڵ گەلانی عەرەبدا بووە لە تێکۆشانیاندا لە پێناو ئازادیو سەربەخۆیی و دیموکراسیدا و بۆ هاوکاریی و پێکەوە کارکردنو بەیەکبوون و، بەشێوەی تایبەتی لەگەڵ گەلی پاڵەوانی فەڵەستین لە خەباتیدا دژی پیلانەکانی زایونیزمو لە کۆششیدا بۆ وەرگرتنی مافەرەواکانیو دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی سەربەخۆی کە قودس پایتەختی بێ.

حزبی ئێمە وەك یەکێك لە تیپەکانی تێکۆشانی جیهانی خەباتی کردووە لە پێناو ئاشتیداو بۆ دۆستایەتیو برایەتی گەلان و، پەرەسەندنی ئازادانەیانو بنیاتنانی دوارۆژی بەختیارییانو مافیان لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی دادپەروەریو یەکسانی، دوارۆژی دیموکراسیو سۆسیالیزم.

لە گشت قوناغەکانی تێکۆشاندا لە بڕواکردنی تەواو بە کۆمەڵانی خەڵکو بە توانای دروستکردنی موعجیزە تێهەڵچووە، ئەگەر بێتو ڕیزەکانیان یەکخەنو، ئامانجە سیاسییەکانیان زۆر بە ڕۆشنیو واقیعی دابڕێژن.

هەر لە دەرسەکانی تاقیکردنەوەی خۆیەوە، حزب فێربووە بە چەشنێکی ڕاستو دروست ئامانجی نیشتمانیو نەتەوەییو نێونەتەوەیی، لەگەڵ ئامانجەکانی ناوخۆو هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیدا پێکەوە گرێبدا، لە کارلێکردنی دیالەکتیکیانەی نێوانیان باش تێگەیشووە، ئەو ڕاستیەشی بۆ ڕوون بۆتەوە کە هۆکاری ناوخۆیی و پێداویستی پشت پێ بەستنی لە بنچینەدا لە بایەخی هۆکاری نێودەوڵەتی کەم ناکاتەوە کە لەم سەردەمەدا کارلێکردنی زۆرتری هەیەو، لە سایەی شۆڕشی زانستو پەیوەندییەکانو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو دەستکەوتنە بەردەوامەکانیەوە، دنیای ئەمڕۆمان گشت لایەکی لێك نزیکبوونەوەو بە خێرایی کارلێکدەکەن.

بۆ ل2

هاوڕێ کەریم ئەحمەد سەردانی عەنکاوە دەکات

دوێنێ ڕێکەوتی 2002/3/31 بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن لێیان، شاندێکی حزبمان بە سەرۆکایەتی هاوڕێ کەریم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان بە یاوەریێتی هاوڕێیان کەمال زەهاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسیو ئەبو شاخەوان بەڕێرسی ڕێکخراوی کلدو ئاشوری حزبمان، بە بۆنەی جەژنی قیامەو سەری ساڵی ئاشوری سەردانی ئەم لایەنانەیان کرد لە عەنکاوە. سەردانی بارەگای حزبمانیان کرد لە عەنکاوە دواتر سەردانی بارەگای بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوریان کردو،

لەلایەن کاك یەعقوب یوسف کەناو کۆمەلێك لە سەرکردایەتی بزووتنەوە دیموکراتی ئاشوری، پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا.

هەروەها دواتر سەردانی حزبی بەیت نەهرێنو کەنیسەی عەنکاوەو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانیان کرد.

هاوڕێیان لەم سەردانەیاندا پیرۆزبایی حزبمانیان لە خوشكو برا مەسیحییەکان کرد.

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان

کۆدەبێتەوەو بەلاغێکیش ڕادەگەیێنێت

ڕۆژانی 25-2002/3/27 کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا. سەرەتایی کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حزبو گەل دەستی پێکردو دواتر بە شێوەیەکی چڕو هەمە لایەنە لەسەر پرسە هەنووکەییەکانو ڕووداوە گەرمو گوڕەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانو عێراقو جیهان هەڵوەستەی کردو لەسەر چۆنیەتی گۆڕینی ڕژێمی عێراق وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باسی لێوە دەکاتو کۆمەڵێك پرسو پێشهاتی سیاسی تاوتوێیەکی بابەتیانەی کرد. هەروەها دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکەی خۆی کۆمیتەی ناوەندی حزبمان بەلاغێکی ڕاگەیاند کە دەقەکەی لە لاپەڕە (2)دا دەخوێنیتەوە.

سکرتێری یەکەمی سەفارەتی بەریتانیا سەردانی هاوڕێ حەیدەر شێخ عەلی دەکات

ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی (2002/3/20) بەڕێز خاتوو ریچێڵ ئنگرام سکرتێری یەکەمی سەفارەتی بەریتانی سەردانی هاوڕێ حەیدەر شێخ عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانو وەزیری گواستنەوەو گەیاندنی کرد لە نوسینگەی وەزارەت. لە دانشتنێکەیاندا هەردوولا باسی داوا گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی جیهانو عێراقو کوردستانییان کردو دوا پێشهاتو ئەگەری چەند ڕووداوێکی چاوەڕوان کراویان خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دواتر هاوڕێ حەیدەر شێخ عەلی دیدو تێڕوانینو گوتاری سیاسی حزبمان لە بەرامبەر ڕەوشی سیاسی ئەمڕۆی جیهانو ناوچەکەکە خستە ڕوو، هەروەها دواتر هەر لە نووسینگەی وەزارەت هاوڕێ حەیدەر شێخ عەلی پێشوازی کرد لە هەردوو ڕۆژنامەنووسی ناوداری فەڕەنسی فرانسوا لۆڤاو ماری بریۆلی کە بە مەبەستی لە نزیکەوە شارەزا بوون لە بارودۆخی کوردستان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردبوو.

حزبی شیوعی عێراقو حزبی شیوعی کوردستان پرۆتستۆی حکومەتی ئیسرائیل دەکەن

مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق لە بەیاننامەیەکی خۆیدا هێرشو پەلاماردانەکانی سوپای ئیسرائیلی بۆ سەر دانیشتوان و دەسەڵاتی فەڵەستینی پرۆتستۆ دەکات، لە بەیاننامەکەدا هاتووە کەوا حکومەتی ئیسرائیل ئامانجی لەم هێرشەدا ئەوەیە کەوا خەباتو تێکۆشانی فەڵەستینیەکان بە مەبەستی بە یەکەوەنانی دەوڵەتی فەڵەستینی سارەبکاتەوەو لە ڕێگای هێزو پەلاماردانی هیستریایانە هەرچی خەونو پرۆژەی سیاسیو خەونە مەزنەکانی ئەم گەلە هەیە لە ناو ببات، هەروەها حزبی شیوعی عێراق هەر لە دوو توێی بەیاننامەکەیدا ئەم کارە توندو تیژییانەی ئیسرائیل بە دەست لە پشتدانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قەڵەم دەدات، هەربۆیەش بانگەشەی ڕای گشتی جیهانو سەرجەم حزبو هێزە دیموکراتی خوازو پێشکەوتنخوازەکانی جیهان دەکات کەوا لە بەرامبەر ئەم دەست درێژیو پێشێلکارییانەی حکومەتی شارون دەنگ هەڵبڕنو هەڵوێستی مێژوویی خۆیان بنوێنن هەروەها هەر لە سەر دوا گۆڕانەکانو پەرەسەندنە ترسناکەکانی سەر خاکی فەڵەستین مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان بەیاننامەیەکی ڕاگەیاندو تیایدا هێرشو پەلامارداناکانی سوپای ئیسرائیلی بۆ سەر خاك و گەلو دەسەڵاتداریتی فەڵەستینی مەحکوم و پرۆتستۆر کرد، هەروەها لە دووتوێی بەیاننامەکەدا هاتووە کەوا حکومەتی ئیسرائیل سوودی لەو پشتگیرییە مادیو مەعنەوییەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگرتوو، کەوا بەردەوام لە هەموو کات و قۆناغێکی سیاسیدا لێی دەکات، هەروەها حزبمان لە کاتێکدا ئەم هێرشو پەلامارەی ئیسرائیل مەحکوم دەکات داواش لە ڕای گشتی جیهانو سەرجەم هەوادارانی ئاشتیو بە تەنگەوە هاتووانی مافی گەلانو حزبو هێزە پێشکەوتنخوازەکان دەکات کەوا پشتگیری گەلی فەڵەستین بکەنو فشاریش بخەنە سەر حکومەتی ئیسرائیل بۆ ئەوەی هێرشو پەلامارەکانی بۆ سەر خاکی فەڵەستین ڕابگرێتو بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ دەسەلاتدارانی فەڵەستینی.

حزبی شیوعی تورکیا:

با لە نەورۆزدا پۆلیس لە ماڵی خۆی دابنیشێت

مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانی خۆی نیشاندا لە بەرامبەر ئەو فشارو زەبرو زەنگەی کەوا پۆلیسو هێزەکانی تورکیا لە ڕۆژانی 20و21 ئادار کە لە دژی ئەو خەڵکە بە کاریان هێنا کەوا خەریکی کردنەوەی ئاگری نەورۆزو نواندنی چالاکی جۆراوجۆر بوون بەم بۆنەیەوە، حزبی شیوعی تورکیا لەم بەیاننامەیەدا ڕووی دەمی دەکاتە حکومەتی تورکیاو پێی دەڵێت لێگەڕێن با گەلی کورد بە ئازادی جەژنی نەتەوایەتیی خۆیان بکەنەوەو، لەم ڕۆژەدا با زریپۆش و تانکەکان ببڕێنەوە گەراجو پۆلیسەکانیش بچنەوە دەزگاکانیان، چونکە جەژنی نەورۆز جەژنی کوردە نەك پۆلیسو تانك زریپۆش، هەروەها هەر لەم بەیاننامەیەدا ئەم حزبە داوا لە حکومەتی تورکیا دەکات ئەم چەکدارو پۆلیسانە بدرێنە دادگا کەوا لە ڕۆژی نەورۆزی ئەمساڵدا خوێنی چەندین کوردیان ڕشت.

ڕژێم چەند ئەفسەرێك لە سێدارە دەدا

ڕژێمی عێراق لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا بە کۆمەڵێك بیانووی جۆراوجۆر ژمارەیك ئەفسەری لە سێدارە داوە، پەیامنێرمان لە نێو جەرگەی دامو دەزگاکانی ڕژێم. تاکو ئێستا ناوی (3) کەسی لەو ئەفسەرانە بۆ ناردووین کەوا ڕژێم لە سێدارەی داون کە ئەمانەن:

1- العمید : محەمەد عەبدوڵڵا شاهید
2- العمید محەمەد نەجیب
3- العمید موفق کەوا هەرسێکیان خەڵکی شاری موسڵن.

فڕۆکەکانی تورکیا

بۆردومانی بناری قەندیل دەکەن

پ- پشتدەر

لە (21)ی ئاداری ئەمساڵ لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان خەریکی پیرۆزکردنی جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز بوون پۆلێك فڕۆکەی تورکیا هاتنە ئاسمانی دەڤەری پشدەرو بەشێوەیەکی چڕوپڕ بۆردومانی ناوچەکە بە گشتیو بناری قەندیلیان بە تایبەتی کرد. فڕۆکەکانی تورکیا لەم هێرشەدا زیانێکی زۆری ماددیو مرۆییان بە دانیشتوانی ناوچەکە گەیاند، دیارە بیانووی تورکیا لەم هێرشو پەلامارەدا بوونی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکەیە، هەر بۆیەش ماوە ماوە بەشێوەیەکی بەردەوام لە وشکانیو ئاسمان هێرشو پەلاماری جۆراوجۆر دەکاتە سەر کوردستانی عێراق.

لە پیرەمەگروون:

کوڕو دایکێك دەکوژرێنو لە دەڤەری ڕاپەڕینیش پیاوێكو ئافرەتێك گوێو لوتیان دەبڕدرێت

شەوی 2002/3/17/16 لە گوندی گوڵاتی دەڤەری ڕاپەڕین پیاوێك بە ناوی م. ح. ح و ئافرەتێك بە ناوی ح .م.ح لە لایەن کەسو کاری خۆیانەوە لووتو گوێیان دەبڕدرێت، جێی باسە ئەم کارە چەپەڵو بەربەریانە بە تۆمەتی لە ڕێ لادان لە یاساو ڕێسا گەندەڵ کاریە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دراوە، دیارە ئەم کارە قێزەوتە دەست درێژی کردنە بۆ سەر ماڤو حورمەتی مرۆڤو بە پێی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤیش بڕینی هەر ئەندامێکی مرۆڤ کارێکی تیرۆریستییە بە پێی ڕاپۆرتی پەیامنێرمان لە سنووری کۆمیتەی ئازادی حزب دەزگا بەرپرسەکانی ناوچەکە کۆمەڵێك کەسی گومان لێکراویان دەستگیرکردووە کە گومانی ئەنجامدانی ئەم کارەیان لێ دەکرێت، هەروەها ڕۆژی 2002/3/20 لە کۆمەڵگای پیرەمەگروون کوڕێك و دایکێك لە سەر کێشە و کۆنە ڕقێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن چەند چەکدارێکەوە دەکوژرێن.